السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەستە نوێژی ویتر بکە ئەی عائیشە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەونوێژی دەکرد، ئەویش لە پێشیەوە خەوتبوو؛ ئەگەر تەنها نوێژی ویتری بمایە، ئەوا ئەویشی هەڵدەستاند ونوێژی ویتری دەکرد. ولە ڕیوایەتێکدا: ئەگەر تەنها نوێژی ویتری بمایە، دەیفەرموو: «هەستە نوێژی ویتر بکە ئەی عائیشە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەو نوێژی دەکرد، وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- لە نێوان دەستی ئەو خەوتبوو (لە بەرامبەری خەوتبوو)، ولە ڕیوایەتێکی (البخاري ومسلم)دا: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەکرد ومنیش لە نێوان ئەو وقیبلە ڕاکشا بووم، وەکو ڕاکشانی جەنازە). ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەونوێژی تەواو بکردایە، پێش ئەوەی نوێژ ویتر بکات؛ عائیشەی هەڵدەستاند بۆ ئەوەی نوێژی ویتر بکات، لە ڕیوایەتەکەی (مسلم)دا، ئەگەر تەنها نوێژی ویتر بمایە، دەیفەرموو: (قُومِي فأَوْتِري يا عائشة)، واتە: (هەستە ئەی عائیشە نوێژی ویتر بکە). لە ڕیوایەتەکەی (أبي داود)دا: (حتى إذا أراد أن يوتر أيْقَظها فأوترت)، واتە: (ئەگەر بیویستایە نوێژی ویتر بکات، ئەوا عائیشەی بەخەبەر دەکردەوە وئەویش نوێژی ویتر دەکرد). واتا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەرەتای شەودا عائیشەی هەڵنەدەستاند نەدەکردەوە لە خەو، بەڵکو ئەگەر تەنها نوێژی ویتر بمایە بەخەبەری دەکردەوە وڕاستەوخۆ پاش هەستانی نوێژی ویتر دەکرد بۆ ئەوەی خەو نەیباتەوە ونوێژی ویتری لە دەست نەچێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3565

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee